**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٦١٠٥ لە ٢٠٢٤/١١/١٩**

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و دوا بەدوای بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی داد پاڵپشت بەنووسراوی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە(١٤٥٣١ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٨) تایبەت بە هێنانەکایەی دووەم فەرمانگەی(دادنووسی ئێواران لە سەنتەری سلێمانی) لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و ڕێکخستنەوەی کارگێری بریارماندا بە :-

١- گۆڕینی ناوی(**فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی ئێواران**) بۆ (**فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی ئێواران/یەک**) .

٢- ناوی (**فەرمانگەی دادنووسی ئێواران لە سەنتەری شاری سلێمانی**) ئەبێتە (**فەرمانگەی دادنووسی ئێواران / دوو**)

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی هێتیت گشتی) لە قەزای ئامێدی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/١١/٦.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**